Vision Foundation
for Strategic Studies

# سیناریۆکانی پێکهێنانی کابینەی دەیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان


**ئامادەکردنی:**

ئەلەند کریم صالح



(٢٨)ی تشرینی دووەمی ٢٠٢٤



www.visionfoundationiq.org

info@vfssiq.org




## دەربارەی دامەزراوەی ڤیژن

دامەزراوەی ڤیژن بۆ توێژینەوەی ستراتیژی لە ڕێکەوتی ٢٠٢٤\٩\١ لەلایەن کۆمەڵێک لە دەستەبژێری ئەکادیمی و ڕۆژنامەوانان و ڕۆشنبیران دامەزراوە.

ئەم دامەزراوەیە وەک خانەیەکی هزر و بونیادنەر، کاردەکات لە پێناو تێگەشتنی هاوبەش، بەئامانجی دروستکردنی داهاتوویەکی گەشەسەندوو بۆ هەرێمی کوردستان و عێراق. لە ڕێگەی توێژینەوە و دیالۆگ بۆ چارەسەرکردنی قەیرانەکان.

## پوختە:

ئەم پەیپەرە لە دەرئەنجامی گفتوگۆیەکی کراوەی دامەزراوەی ڤیژن بۆ توێژینەوەی ستراتیژی بەرهەمهێنراوە، کە ڕۆژی ٢٨/١١/٢٠٢٤ بە ئامادەبوونی دەستەبژێری سیاسی و سەربازی و توێژەران و ئەکادیمی و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بەڕێوەچوو، بۆ گفتوگۆکردن دەربارەی سیناریۆکانی پێکهێنانی کابینەی دەیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان و سیمای کابینەکە و ئەرک و بەرپرسیارێتییەکانی.

لە گفتوگۆکراوەکەدا ئەم تەوارانە شیکردنەوەیان بۆ کراو ئامادەبووان بۆچوونەکانی خۆیان لەبارەیانەوە خستنەڕوو.

1 -پێکهێنانی کابینەیەکی نیشتمانی

2 -ڕێگرییەکانی بەردەم کابینەی دەیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان

3 -سیناریۆکانی پێکهێنانی کابینەی دەیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان

4 -ئەرک و بەرپرسیارێتییەکانی کابینەی نوێ

لە دەرئەنجامی گفتوگۆکان سێ سیناریۆ بەدەرکەوتن، بەڵام دوو لەو سیناریۆیانە نزیکترینن لە بەدیهاتنەوە، کە پێکهێنانی کابینەیەکی نیمچە فراوانە، لەنێوان هەردوو حیزبی دەسەڵاتدار و چەند حیزبێکی بچووکدا، لە هەمانکاتدا سیناریۆیەکی دیکە دواکەوتنی پێکهێنانی کابینەی نوێیە بۆ دوای هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق.

هاوکات لەنێو گفتوگۆکاندا تابلۆی ئەو حکومەتە نوێیەش دروستکرا، کە لە چوارساڵی داهاتوودا حکومڕانی هەرێمی کوردستان دەکات، ئەرک و بەرپرسیارێتیەکانیشی دیاری کران.



## پێشەکی:

خولی شەشەمی پەرلەمانی کوردستان ڕۆژی ٢\١٢\٢٠٢٤ یەکەم دانیشتنی خۆی گرێداو ئەندامە نوێیەکانی سوێندی یاساییان خوارد، لەو ڕۆژە بەدواوە هەردوو حیزبی براوەی هەڵبژاردنەکان (پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان) بە فەرمی گفتوگۆکانیان بۆ پێکهێنانی کابینەی دەیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەستپێکرد. بەڵام گفتوگۆکان لەسەرخۆ بەڕێوەدەچن.

بەشێک لە چاودێرانی سیاسی، دروستکردنی کابینەی دەیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە پڕۆسەیەکی قورس دەزانن، بەهۆی ئەو ناکۆکیە سیاسیانەی ساڵانێکە لە نێوان ئەو دوو حیزبە بەرامبەر بە یەکدی دروستبووە، لە کاتی کەمپینی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستانیشدا، ئەم گرژی و ناکۆکیانە گەیشتە ئاستێکی بەرز.

پێکهێنانی کابینەی نوێی حکومەت، پێویستی بە دانیشتنی پەرلەمانی کوردستانە و پەسەندکردنی کابینەکە پێویستی بە دەنگی (٥٠+١)ی ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان هەیە، ئەم ڕێژەیەش ئەستەمە بەبێ بەشداری هەردوو لایەنی یەکێتی نیشتمانی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان بەدەست بێت.

ئەوەی دەتوانێت ئەم هاوکێشەیە هاوسەنگ بکات، نەوەی نوێیە، کە لە پەرلەمانی کوردستان خاوەنی ١٥ کورسیە، بەڵام نەوەی نوێ داوای نیووەی وەزارەتەکانی حکومەت دەکات، بۆ ئەوەی بەشداری کابینەی نوێ بکات، کە ئەمەش تا ئاستێکی زۆر نزیکە لە مەحاڵەوە.

ئەگەرچی یەکێتی نیشتمانی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان سەردانی چەند لایەنێکیان کردووە، بۆ گفتوگۆکردن دەربارەی پێکهێنانی کابینەی نوێ، بەڵام لە سەرخۆیی لە سەردانەکان و بچڕ پچڕی کۆبوونەوەکان وەو بۆچوونەی دروستکردووە، کە ئەم دوو هێزە دەیانەوێت پێکهێنانی کابینەی دەیەم دوابخەن بۆ دواى هەڵبژرادنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، لە کۆتایی ٢٠٢٥.



## پێکهێنانی کابینەیەکی نیشتمانی

تەوەری یەکەمی گفتوگۆ کراوەکەی دامەزراوەی ڤیژن بۆ توێژینەوەی ستراتیجی، تایبەت بوو بە ''ئەگەری دامەزراندنی حکومەتێکی نیشتمانی لە هەرێمی کوردستان''.

لیوا جەبار یاوەر بریکاری پێشووی وەزارەتی پێشمەرگەی حکومەتی هەرێمی کوردستان، کە سەرەڕای بەرپرسیارێتیەکەی، نوێنەرایەتی یەکێتی نیشتمانی کوردستانی دەکرد لەو وەزارەتەدا، ئاماژەی بەوەکرد ''لە هەڵمەتی هەڵبژاردندا هیچ بەرنامەیەکی نیشتمانی نەبینراوە، لە رابردووشدا لە ساڵی ١٩٩١وە تا ئێستا هەرچی کابینەی حکومەتمان پێکهێناوە بۆ خزمەتی حیزبەکان بووە''.

> **لە هەڵمەتی هەڵبژاردندا هیچ بەرنامەیەکی نیشتمانی نەبینراوە، لە رابردووشدا لە ساڵی ١٩٩١وە تا ئێستا هەرچی کابینەی حکومەتمان پێکهێناوە بۆ خزمەتی حیزبەکان بووە**
>
> لیوا جەبار یاوەر بریکاری پێشووی وەزارەتی پێشمەرگەی حکومەتی هەرێمی کوردستان

شێوازی هەڵبژاردنی نوێی پەرلەمانی کوردستان و ئەنجامەکانی هەڵبژاردنەکە، تا ئاستێک ئەو دەرفەتەی دوورخستووەتەوە حکومەتی نیشتمانی لەدایک ببێت.

د. ئاکۆ حمە کریم راوێژکاری ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان لەسەر لیستی بزوتنەوەی گۆڕان بڕوای وایە ''لە کابینەی نوێدا حکومەتی نیشتمانی بوونی نابێت".

گرفتەکە هەر ئەوە نییە کە لایەنە ئۆپۆسیۆنەکان زۆرینەیان بەشداری حکومەت ناکەن، تەنانەت چاودێرانی سیاسی بۆچوونیان وایە، حیزبەکانی دەسەڵاتیش نایانەوێ حکومەتی نیشتمانی دروست بکەن.

کەمال رەئوف رۆژنامەنوس و رۆشنبیر لەم بارەیەوە بۆچوونی وابوو ''هیچ پرسێکی نیشتمانی لە خەیاڵدانی حیزبەکاندا بوونی نییە''.

هەروەها ئەم بۆچوونە لەلایەن عومەر عینایەت ئەندامی پێشووی پەرلەمانی کوردستان لەسەر لیستی گۆڕان پشتڕاست کرایەوە ''یەکێتی و پارتی هێزی چەکدار یەکناخەنەوە و بڕوایان بە کاری نیشتمانی نییە''.

بۆچوونێکی جیاواز لەنێو گفتوگۆ کراوەکە، بۆچوونی سالار مەحمود ئەندامی وەنجومەنی سەرکردایەتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بوو، وەو بڕوای وایە ''یەکێتی روئیای نیشتمانی هەیە بۆ حکومەتی داهاتوو، دەیەوێت پەرلەمان مەرجەع بێت''.

کاتێک گوێ لە پسپۆڕانی سیاسی و ئۆپۆزسیۆن و رکخراوە ناحکومییەکان و ئەکادیمیان دەبێت، هەست بە نائومێدی دەکەیت، لە دروستبوونی حکومەتێکی نیشتمانی، چونکە ئەوان ئەو ئەگەرە بە لاواز دەزانن لە بەرنامەی حیزبە باڵادەستەکاندا.

د. موحسین ئەدیب بەڕێوەبەری گشتی رۆشنبیری و هونەر لە پارێزگای سلێمانی، کە هاوکات پسپۆڕکی دەستووریشە، بۆچوونی وایە ''هەرێمی کوردستان دەستووری نییە، تا نەبێت بە خاوەنی دەستوور، رێڕەوی حکومڕانی راسنابێتەوە''
هەروەها د. کاروان حەمە ساڵح مامۆستای زانکۆ رای وایە ''لە هەرێمی کوردستان ئیدارەی حکومڕانی نییە، ئیدارەی جوگرافیایەک هەیە، کە نەوت و غازی هەیە''.

لەم نێوەندەدا بۆچوونی ناوەندەکانی توێژینەوە گرنگن، بەڵام لە گفتوگۆ کراوەکەدا بۆچوونی ناوەندەکانی توێژینەوەش لە بۆچوونی ئۆپۆزسیۆن نزیک بوون.

رابەر تەلعەت بەرپرسی ناوەندی توێژینەوەی سبەی دەڵێت ''پارتی و یەکێتی خواستی بنەڕەتیان مانەوەیە لە حکومڕانی و دەسەڵاتدا''.

بە بڕوای رابەر تەڵعەت ''یەکێتی و پارتی لە پێگەی خۆیان دڵنیانین، بۆیە ناتوانن حکومەت و دەستوور و دامەزراوە دروست بکەن''.

> **یەکێتی و پارتی لە پێگەی خۆیان دڵنیانین، بۆیە ناتوانن حکومەت و دەستوور و دامەزراوە دروست بکەن**
>
> رابەر تەلعەت بەرپرسی ناوەندی توێژینەوەی سبەی

## سیمای کابینەی دەیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان

هەرچەندە نەخشەیەکی سیاسی و کارگێڕی دەرنەکەوتووە بۆ پێکهێنانی کابینەی دەیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بەڵام لە دوای ئەنجامدانی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان، مەسعود بارزانی سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان ئەو پەیامەی راگەیاند کە ئەوان ''یەک پەرلەمان و یەک حکومەت و یەک دەستوور و یەک هێزی پێشمەرگەیان دەوێت''.

لیوا جەبار یاوەر بریکاری پێشووی وەزارەتی پێشمەرگە دەڵێت ''پەیامەکەی مەسعود بارزانی بۆ یەک حکومەت و یەک پەرلەمان و یەک پێشمەرگە و یەک دەستوور روون نییە''. ئەوەش کە ''یەکێتی دەیڵێت بۆ نەهێشتنی تاکڕەوی هەر روون نیە''.

د. ئەحمەد سەنگاوی ئەندامی پەرلەمانی کوردستان لەسەر لیستی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان بۆچوونی وابوو ''دۆخی شەڕ و ئاڵۆزییەکانی ناوچەکە وادەخوازێت زوو حکومەتی هەرێمی کوردستان پێکبێت''.

یەکێتی هەر لەسەرەتای کەمپینی هەڵبژاردنەوە پەیامێکی جیاوازی هەبوو، ئەوان بانگەشەی ئەوە دەکەن کە دەیانەوێت رێڕەوی حکومڕانی بگۆڕان، واتە بەو شێوازەی کابینەکانی پێشوو رازینین.

سالار مەحمود ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان دەڵێت: ''ئەوەی یەکێتی لە هەڵمەتی هەڵبژاردن بانگەشەی بۆکرد، گوتارێکی فیعلی بوو، هەڵقوڵاوی بارودۆخی دوو ئیدارەی رابردووی حکومەتی هەرێمی کوردستان بوو، کە لادانیان کردبوو، هێڵی سووریان بەزاندبوو. یەکێتی دەیەوێت رووئیای بەڕێوەبردن لە کابینەی نوێ بگۆڕێت''.

سالار مەحمود زیاتر سیمای کابینەی نوێ روووندەکاتەوە و دەڵێت ''یەکێتی لەگەڵ پێکهێنانی حکومەتێکی یەکگرتوودایە، کە یەک بەرنامەی هاوبەشی هەبێت''.

ئەم وتانەی سالار مەحمود لەو خاڵەوە سەرچاوەی گرتووە، کە کابینەی نۆیەم (رابردوو) بەوە دەناسرایەوە، کە یەکێتی و پارتی بە تەواوی ناکۆک و لێکجوودابوون لە بەڕێوەبردنی حکومەتەکەدا.

کابینەی دەیەم لە کاتێکی زۆر هەستیاری عێراق و ناوچەکە و جیهاندا لەدایک دەبێت، کە تا رادەیەک شەڕ و ئاڵۆزی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گرتووە، لە ئەمریکاش سەرۆکی نوێ هەڵبژێردراوە.

فاررس نەوڕۆڵی کە پێشتر کادرێکی پێشکەوتووی پارتی دیموکراتی کوردستان بووە بڕوای وایە ''پێویستە کابینەی دەیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان پێش دەستبەکاربوونی دۆناڵد ترەمپ سەرۆکی نوێی ئەمریکا پێکبهێنرێت''.

> **پێویستە کابینەی دەیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان پێش دەستبەکاربوونی دۆناڵد ترەمپ سەرۆکی نوێی ئەمریکا پێکبهێنرێت**
>
> فاررس نەوڕۆڵی

له سەردەمی کابینەکەی جۆ بایدن سەرۆک ئەمریکا، هەرێمی کوردستان لە پەیوەندییەکی باشدابوو لەگەڵ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، بەڵام هێشتا روون نییە، دۆناڵد ترەمپ چۆن مامەڵە لەگەڵ عێراق و هەرێمی کوردستان دەکات.
بەر لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان بەشێک لە پێشبینییەکان لەسەر ئەوەبوون کە هەڵبژاردن نەخشەی سیاسی لە هەرێمی کوردستان دەگۆڕێت و هێزی نوێ دەهێنێتە سەر حوکم، بەڵام ئەنجامەکان وێنەیەکی دیکەیان نیشاندا، ە تا ئاستێک لە رابردوو نزیک بوو.
د. ئاکۆ حەمە کریم  راوێژکاری ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان لەم بارەیەوە دەڵێت ''هەڵبژاردن لە هەرێمی کوردستان هاوکێشەی هێزی نەگۆڕیووە''.
ئەو راوێژکارەی ئەنجومەنی وەزیران بڕواشی وایە "جێگرەوەی حکومەتی یەکگرتوو، تەنها دوو ئیدارەییە''. ئەمەش بەو مانایە دێت کە ئەگەر یەکێتی و پارتی بەیەکەوە حکومەت پێکنەهێنن، دوو ئیدارەیی روودەدات.
بەشێک لە پەرلەمانتارانی ئۆپۆزسیۆن نەک هەر گەشبین نین بە سیمای حکومەتی داهاتوو، تەنانەت بۆچوونیان لەسەر پەرلەمانی نوێش ئەرێنی نییە.
سیروان بابان ئەندامی پێشووی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق دەڵێت ''پەرلەمان کاری خراپی حیزبەکانی پێ دەسڕێتەوە، دەسەڵاتەکان لە دەستی حیزبەکاندایە''.
پسپۆڕانی ئەکادیمیش سیمای حکومەتی داهاتوو لە شێوەی حکومەتی پێشووی هەرێمی کوردستان دەبیننەوە.
د. کاروان حمە ساڵح مامۆستای زانکۆ بڕوای وایە ''لە کابینەی نوێ (٣\٢) پۆستەکان بۆ یەکێتی و پارتی دەبێت، (٣\١) پۆستەکان بۆ ئەو لایەنانە دەبێت کە بەشداریان پێدەکرێت''.

**لە کابینەی نوێ (٣\٢) پۆستەکان بۆ یەکێتی و پارتی دەبێت، (٣\١) پۆستەکان بۆ ئەو لایەنانە دەبێت کە بەشداریان پێدەکرێت**

د. کاروان حمە ساڵح مامۆستای زانکۆ

## بەربەستەکانی بەردەم پێکهێنانی کابینەی دەیەم

زۆرینەی بەشداربووانی گفتوگۆ کراوەکە کۆکبوون لەسەر ئەوەی پێکهێنانی کابینەی دەیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان تا رادەیەک قورس و ئاڵۆز دەبێت، لەبەر ئەوەی کۆمەڵێک بەربەست و رێگری لەبەردەم هەیە.

ئەحمەد حاجی رەشید ئەندامی پێشووی پەرلەمانی عێراق لەسەر لیستی کۆمەڵی ئیسلامی دەڵێت : ''لەبەردەم پێکهێنانی کابینەی دەیەم گرفتی زۆر هەن، ئۆپۆزسیۆن شپرزە و بێ رووئیایە، هیچ حیزبێک ناتوانێت نیسابی دانیشتنی پەرلەمان بۆ پێکهێنانی حکومەت تەواو بکات، تەداخولاتی هەرێمی هەیە، کە دەیانەوێت پێکهێنانی حکومەت دوابکەوێت. هەردوو حیزبی دەسەڵاتدار و براوەی هەڵبژاردن قۆڵی یەکدی بادەدەن''.

بۆچوونێکی دیکە هەیە کە بڕوای وایە خودی هەردوو حیزبی دەسەڵات ناکۆکیان هەیە و لەسەر پێکهێنانی حکومەتی نوێ رێکناکەون.

د. ئەحمەد سەنگاوی پەرلەمانتاری یەکگرتوو دەڵێت ''یەکێتی خواستی زۆری هەیە لەم کابینەیە، ئایا خواستەکانی بەدی دێن، تا رێکبکەوێت لەگەڵ پارتی بۆ پێکهێنانی حکومەتی نوێ''.

هەروەها سالار مەحمود ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی نیشتمانی  کوردستان دەڵێت ''پێویستە پارتی غروری خۆی دابەزێنێت، بۆ ئەوەی بتوانین بەیەکەوە رێکبکەوین و کاربکەین و لەسەر بەرنامەی حکومەتی نوێ رێکبکەوین''.

جگە لە کێشە نێوخۆییەکانی یەکێتی و پارتی، بۆچوونێکی دیکە هەیە کە کێشەی ناوخۆیی لە نێوان هەر یەکە لە حیزبەکانیش هەن و دەبن بە گرفت بۆ کابینەی نوێ.

ئەبوبەکر رەئوف پارێزەری رێکخراوی گەشەپێدانی مەدەنیەت (CDO) بڕوای وایە ''دابەشبوونی دەسەڵات هەیە لە نێو پارتی دیموکراتی کوردستان، ئەوان دەیانەوێت هەردوو باڵەکەی ناو حیزبەکەیان پۆستی سەرۆکایەتی هەبێت''.

پێدەچێت گەورەترین بەربەست لەبەردەم پێکهێنانی کابینەی نوێ دوو ئیدارەیی و ناکۆکییەکانی نێوان هەردوو حیزبی دەسەڵات بێت، ئەمەش لە قسەکانی بەشداربووانی گفتوگۆکەدا رەنگی دابووەوە.

جەبار یاوەر بریکاری پێشووی وەزارەتی پێشمەرگە دەڵێت ''تا ئێستا لە هەرێمی کوردستان واقعی دوو ئیدارەیی هەیە، دوو هێزی چەکدار بوونی هەیە''.

> **تا ئێستا لە هەرێمی کوردستان واقعی دوو ئیدارەیی هەیە، دوو هێزی چەکدار بوونی هەیە**
>
> لیوا جەبار یاوەر بریکاری پێشووی وەزارەتی پێشمەرگەی حکومەتی هەرێمی کوردستان

هەندێک لە چاودێرانیش تەداخولاتی وڵاتانی دراوسێ بە رێگر دەزانن لە پێکهێنانی کابینەی دەیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان.

سەڵاح رەشید شارەزای سیاسی رەشبینە بە دروستبوونی کابینەی نوێی حکومەت و دەڵێت ''حیزبەکان بەتایبەتی یەکێتی قبوڵی ئەوە ناکەن بەقەدەر حەجمی خۆیان بەشداربن لە حکومەتدا''.

سەڵاح رەشید کە پێشتر یەکێک بووە لە بڕیار بەدەستانی بزوتنەوەی گۆڕان ئاماژە بەوەش دەکات ''حیزبەکان کاریگەری وڵاتانی دراوسێیان لەسەرە، بۆیە ئەم کابینە نوێیە باشتر نابێت، لە کابینەکانی داهاتوو''.

ئەم بۆچوونە لەلایەن نوسەران و رۆشنبیرانیشەوە پشتڕاست دەکرێتەوە.

کەمال رەئوف نوسەر و رۆژنامەنوس دەڵێت ''تا کێشەی نێوان پارتی و یەکێتی زیاتربێت، تەداخولی وڵاتان لە هەرێمی کوردستان زیاتر دەبێت''.

چالاکوانانی کۆمەڵگەی مەدەنیش جەخت لەوە دەکەنەوە کە پارت و یەکێتی خۆیان کێشەن لەبەردەم پێکهێنانی حکومەتی نوێدا.

هەڵشۆ عەبدولفەتاح بەڕێوەبەری رێکخراوی نوور ئاماژە بەوە دەکات ''ناکۆکییەکانی پارتی و یەکێتی بوونەتە کێشە بۆ حکومڕانی لە هەرێمی کوردستان''.

- **سیناریۆی یەکەم: پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان**

یەکێک لە تەوەرەکانی گفتوگۆ کراوەکە سیناریۆکانی پێکهێنانی کابینەی دەیەمی حکومەتی هەرمی کوردستان بوو، کە خۆی لە سێ سیناریۆی بنچینەیدا دەبینێتەوە.
د. ئەحمەد سەنگاوی ئەندامی پەرلەمانی کوردستان لەسەر لیستی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان دەڵێت ''دۆخەکە وادەخوازێت یەکێتی و پارتی بە یەکەوە حکومەت پێکبهێنن''.
ناوەندەکانی توێژینەوەش هەمان بۆچوون دووپات دەکەنەوە
رابەر تەلعەت بەرپرسی ناوەندی توێژینەوەی سبەی بڕوای وایە ''حکومەتی داهاتوو درێژەپێدەری کابینەکانی رابردوو دەبێت''.
نوسەران و رۆشنبیران ووردتر دەڵێن، کابینەی نوێ نەک هەر یەکێتی و پارتی پێکی دەهێنن، بەڵکو هەمان شێوازی حکومڕانی دەبێت.
کەمال رەئوف نوسەر و رۆشنبیر دەڵێت ''پارتی و یەکێتی لە کابینەی نوێ گۆڕانکاری ناکەن، بە دوو ئیدارەیی دەمێننەوە''.
لە رووی کرداریشەوە بۆچوونێک هەیە دەڵێت بەبێ یەکدی، پارت و یەکێتی ناتوانن حکومەت پێکبهێنن.
فارس نەوڕۆڵی کادری پێشکەوتووی پارتی دیموکراتی کوردستان ''پارتی و یەکێتی بە جیا جیا ناتوانن نیسابی یاسایی دانیشتنی پەرلەمان بۆ پێکهێنانی حکومەت تەواو بکەن''.



## • سیناریۆی دووەم: کابینەی نیمچە فراوان

بەهێزترین سیناریۆ بۆ پێکهێنانی کابینەی دەیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان، پێکهێنانی کابینەیەکی نیمچەفراوانە، بەو مانایەی یەکێتی نیشتمانی کوردستان. وپارتی دیموکراتی کوردستان کابینەیەک پێکدەهێنن و کۆمەڵێک لە هێزە دۆست و نزیکەکانی خۆیان بەشداری پێدەکەن لە حکومەتدا.

د.هەردی مەهدی میکە سەرۆکی ناوەندی کوردستان بۆ دۆکیۆمێنت و لێکۆڵینەوەی ئەکادیمی دەڵێت ''یەکێتی و پارتی کابینەیەکی نیمچە فراوان دروست، دەکەن''.

لە کابینەکانی رابردووشدا حکومەتی نیمچە فراوان هەبووە، کە تیدا لایەنەکانی وەک تورکمان و حیزبی سۆشیالیست دیموکراتی کوردستان و یەکگرتوو و کۆمەڵ ... وەزارەتێک یان زیاتریان پێدراوە و بەشداری حکومەتیان کردووە.

نەوەی نوێ کە یەکێکە لەو لیستانەی لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان ٢٠٢٤، توانیویەتی ١٥ کورسی پەرلەمان بەدەستبهێنێت، چاوەڕوان دەکرێت هەردوو حیزبی دەسەڵات داوا لە نەوەی نوێ بکەن بەشداری حکومەتی داهاتوو بکات.

فارس نەورۆڵی کادری پێشووی پارتی دیموکراتی کوردستان دەڵێت ''کابینەی دەیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان کابینەیەکی جیاوزدەبێت، لەبەر ئەوەی نەوەی نوێی تێدادەبێت''.



هەرچەندە نەوەی نوێ لە دوای راگەیاندنی ئەنجامەکانی پەرلەمان بە مەرجی زۆر قورسەوە، ئامادەیی دەربڕی بچێتە حکومەتی داهاتوو، بەڵام هێشتا بە ئەگەرێکی بەهێز دادەنرێت.

عومەر عینایەت ئەندامی پێشووی پەرلەمانی کوردستان لەسەر لیستی گۆڕان  باسی لەوەکرد ''کابینەی نوێ لەلایەن پارتی و یەکێتی و نەوەی نوێ پێکدێت، بۆیە جیاوازدەبێت''.

بەبڕوای عومەر عینایەت ''پارتی لە رابردووشدا نەیوستووە بەتەنها حکومەت پێکبهێنێت، چونکە نەیتوانیووە سلێمانی کۆنترۆڵ بکات''.

لە رووی کردارییەوە بە بەشداریکردنی نەوەی نوێ لە کابینەی دەیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان، گرێ کوێرەی تەواوبوونی نیسابی یاسایی پەرلەمانی کوردستان چارەسەر دەبێت.

- **سیناریۆی سێیەم: دواکەوتنی پێکهێنانی کابینەی نوێی حکومەت**

ئەگەرچی یەکێتی نیشتمانی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان گفتوگۆکانیان بۆ پێکهێنانی کابینەی نوێی حکومەت دەستپێکردووە، بەڵام نیشاندەرەکان ئاماژە بەوە دەکەن کابینەی نوێ بە ئەگەرێکی بەهێز دوادەکەوێت.
ئەحمەد حاجی رەشید ئەندامی پێشووی پەرلەمانی عێراق دەڵێت ''یەکێتی و پارتی کە زۆرینەی کورسی پەرلەمانیان بەدەستهێناوە، دەیانەوێت پێکهێنانی حکومەت دوابکەوێت بۆ دوای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، لە ئۆکتۆبەری ٢٠٢٥''.
ئەو بەرپرسەی کۆمەڵی دادگەری زانیاری زیاتریش دەخاتەڕوو ''هێزە هەرێمییەکانیش دەیانەوێت پێکهێنانی کابینەی دەیەم دوابکەوێت، بەڵام هێزە نێودەوڵەتییەکان کە دۆستی هەرێمی کوردستانن، دەیانەوێت کابینەی دەیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە زوویی پێکبێت''.
رەنگە ئاسان نەبێت بۆ حیزبەکان لە دوای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان، بەبێ پێشکەشکردنی هیچ خزمەتگوزارییەک بڕوا بە دەنگدەرەکانیان بکەن لە هەڵبژاردنی ٢٠٢٥ ی عێراق دووبارە دەنگیان پێبدەنەوە.
د. هەردی مەهدی سەرۆکی ناوەندی کوردستان بۆ دۆکیۆمێنت و لێکۆڵینەوەی ئەکادیمی دەڵێت ''درێژەدان بە وەزعی ئێستایان (کابینەی نۆیەم) باشترین سیناریۆیە لەبەردەم پارتی و یەکێتی، بیانووشیان هەیە''.



مەبەست لە بەستنەوەی پێکهێنانی حکومەتی نوێی هەرێمی کوردستان بە هەڵبژاردنەکانی عیراق، بەبڕوای بەشداربوونای گفتوگۆ کراوەکە، بەردەوامیدانی پارتی و یەکێتی لەو هەڵمەتی هەڵبژاردنەوەی بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان دژی یەکتر دەستیان پێی کردووە.
عومەر عینایەت ئەندامی پێشووی پەرلەمانی کوردستان لەسەر لیستی گۆڕان جەخت لە دواخستنی پێکهێنانی حکومەت دەکاتەوە، تا دوای هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق و دەڵێت ''یەکێتی و پارتی بۆ پاراستنی هەردوو بنەماڵەکەیان نایانەوێت حکومەتی نوێ پێکبێت، تا دوای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، وڵاتانی دراوسێش نایانەوێت ئەم قەوارەیە بمێنێت''.
روانگەیەکی دیکە هەیە کە پێکهێنانی حکومەتی نوێی هەرێمی کوردستان دەبەستێتەوە بە دۆخی ناوخۆیی عێراق.
شێرکۆ رەئوف رۆژنامەنوس بڕوای وایە ''گفتوگۆکان بۆ پێکهێنانی کابینەی نوێی حکومەت هیچ ناگۆڕێ، تا هەڵبژاردنی داهاتووی پەرلەمانی عێراق دەکرێ، چونکە سونەکان دەیانەوێت لە داهاتوو سەرۆک کۆماری عێراق وەربگرن، کە ئێستا کوردە و لای یەکێتیە، ئەمەش کاریگەری دەبێت لەسەر تەرازووی دەسەڵات لای یەکێتی و پارتی''.

## ئەرک و بەرپرسیارێتییەکانی کابینەی دەیەم و پەرلەمانی نوێ

کابینەی دەیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان هەرچۆنێک و لە هەرکاتێکدا پێکبێت، لەبەردەم کۆمەڵێک ئەرک و بەرپرسیارێتی گەورەدایە.

د. ئاکۆ حمە کریم راوێژکاری ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان بەپێویستی دەزانێت لە کابینەی دەیەمدا "دابەشکاری و جیاکاری بودجە و دارایی و خزمەتگوزاری لەنێوان سلێمانی و هەولێر کۆتایی پێبێت''.

پێکهێنانی حکومەت هاوکاتە لەگەڵ دەستبەکاربوونی پەرلەمانی کوردستان بە کارە یاساییەکانی خۆی، هەربۆیە هەندێک لە ئەرکەکانی حکومەت لەگەڵ پەرلەماندا دەکرێن.

هەڵشۆ عەبدولفەتاح بەڕێوەبەری رێکخراوی نوور دەڵێت ''رێکخستنەوەی کەرتی تایبەت، دەبێت یەکێک لە ئەرکە لە پێشینەکانی کابینەی نوێ بێت'' هەروەها جەخت لەوە دەکاتەوە ''هەمووارکردنەوەی یاساکان، بە نمونە یاسای وەبەرهێنان و دابەشکردنی زەوی لە پێسینەی کارەکانی حکومەت و پەرلەماندا بێت''.

بارودۆخی دارایی حکومەتی هەرێمی کوردستان، پێویستی بچووکردنەوەی حکومەتی کردووە بە ئەمری واقع لە کابینەی نوێدا.

هەڵشۆ عەبدولفەتاح دەڵێت ''لە کابینەی دەیەمی حکومەت پێویستە وەزیرەکان کەمبکرێنەوە و حکومەت بچووک بکرێتەوە''. هەروەها ''کابینەی دەیەم پێویستە لامەرکەزیەت زیندوو بکاتەوە، کە ئێستا پەراوێزخراوە''.

لە دوای بڕینی بودجەی هەرێمی کوردستان لەلایەن بەغدادەوە لە سالی (٢٠١٤)، حکومەتی هەرێمی کوردستان، هیچ یاسایەکی بودجە نەبووە لە پەرلەمان دەرکرابێ و حکومەت لەسەری بڕوات، بەڵکو حکومەت خۆی بەبێ گەڕانەوە بۆ پەرلەمان ئەو داهاتەی خەرج دەکرد، کە لەبەردەستیدابوو.

لیوا جەبار یاوەر دەڵێت ''دەسەڵاتەکان جیابکرێنەوە و حکومەت و پەرلەمان هەریەکەیان کاری خۆی ئەنجام بدات، پەرلەمان چاوەڕێی حکومەت نەکات، پەرلەمان دەبێت بە واقعی چاودێربێت لەسەر حکومەت و لێپرسینەوەی بکات''


چارەسەکردنی کێشە کەڵەکەبووەکان لەگەڵ حکومەتی عێراق، بە دڵنیاییەوە یەکێکە لە ئەرکەکانی حکومەتی داهاتووی هەرێمی کوردستان.

شێرکۆ رەئوف رۆژنامەنوس دەڵێت ''حکومەتی نوێ پێویستە لەگەڵ عێراق لەسەر چارەسەرکردنی گرفتەکانی نەوت و گاز رێکبکەوێت و لەسەر بنەمای سەرژمێری دانیشتوان، حکومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ بەغداد لەسەر گرفتە دارایی و ئابوورییەکان رێکبکەوێت''.

شەڕ و گرژییە ناوچەییەکان بە بڕوای شێرکۆ رەئوف ئەو ئەرکەش بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان زیاد دەکات ''بە رۆحێکی بەرپرسیارانە خۆی بۆ رووداوە ئەمنییەکان ئامادەبکات''.

بۆ سەرکەوتنی کابینەی دەیەم لە ئەرکەکانیدا، هەندێک بۆچوون دەڵێن، پێویستە ئۆپۆزسیۆنێکی بەهێز چاودێری حکومەت بکات

فارس نەورۆڵی دەلێت ''دەبێت ئۆپۆزسیۆن فشار بۆ یەکگرتنەوەی هێزی پێشمەرگە دروست بکات''.



## دەرئەنجام:

لە دەرئەنجامی گفتوگۆی کراوەی دامەزراوەی ڤیژن بۆ توێژینەوەی ستراتیژی، دەربارەی سیناریۆکانی پێکهێنانی کابینەی دەیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان و ئەرکەکانی و بەرپەستەکانی، گەیشتین بەم خاڵانەی خوارەوە:

1-یەکێتی نیشتمانی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان پێکهێنەری سەرەکی کابینەی دەیەمی حکومەت دەبن و حکومەتێکی نیمچەکراوە دروستدەکەن.

2-ئەگەرێکی بەهێزە پێکهێنانی کابینەی دەیەم چەند مانگێک دوابکەوێت و بکەوێتە دوای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لە ٢٠٢٥.

3-پارتی و یەکێتی لە کابینەی دەیەمدا چەند هێزێکی سیاسی بەشداری پێدەکەن لە حکومەتدا، لە ناو ئەو هێزانەشدا ئەولەویەت بۆ نەوەی نوێ یە.

4-کابینەی دەیەم رێگری زۆری لەپێش هەن، بەڵام گرنگترینیان ناکۆکییەکانی نێوان ئەو دوو حیزبە خۆیانن. هەروەها سەروەرنەبوونی یاسا و تەداخولاتی وڵاتانی دراوسێ و بوونی دوو هێزی چەکدار و دوو ئیدارەیی بە بەربەستەکانی دیکەی بەردەم کابینەی دەیەم دادەنرێن.

5-کابینەی دەیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەبەردەم کۆمەڵێک ئەرک و بەرپرسیارێتی گەورەدایە، لەوانە چارەسەکردنی کێشەکانی لەگەڵ بەغداد، یەکخستنی هێزی پێشمەرگەی کوردستان و نەهێشتنی دوو ئیدارەیی و رێکخستنەوەی کەرتی تایبەت و بچووکردنەوەی کابینەی حکومەت، لەگەڵ پێشکەشکردنی باشترین خزمەتگوزاری بە هاوڵاتیان... هتد.



Vision Foundation
For Strategic Studies